# ئاگادارینامەی نهێنی خزمەتگوزارییەکانی منداڵان و گەنجان (CYP)

ئەم ئاگادارینامە نهێنییە پێت دەڵێت کە خزمەتگوزارییەکانی منداڵان و گەنجان چ زانیارییەك کۆدەکاتەوە و بەکاری دەهێنێت، و مافەکانی تۆ سەبارەت بە زانیارییەکانت.

## 1. زانیاری گشتی

خزمەتگوزاری منداڵان و گەنجان (CYP) بەرپرسیارە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ منداڵان و گەنجان لە شاری سەفۆك؛ ئەمەش یارمەتی پێشوەختە، چاودێری سۆشیاڵ و خزمەتگوزارییەکانی پەیوەست بە پەروەردە و خوێندن، لێهاتوویی، دادپەروەری لاوان، و خزمەتگوزارییەکانی ساڵانی سەرەتایی لەخۆدەگرێت. لە بۆنەیەکدا ڕەنگە پێویستمان بە کۆکردنەوە و بەکارهێنانی زانیاری کەسی بێت بۆ ئەوەی ئەم ئەرکانە جێبەجێ بکەین.

مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاری کەسی بەپێی ڕێسای گشتی پاراستنی داتای بەریتانیا (UK GDPR) و یاسای پاراستنی داتای ساڵی 2018 (DPA 2018) بەڕێوەدەچێت، کە بەکۆمەڵ بە یاسای پاراستنی داتا و زانیاری ناودەبرێت.

ئەم ئاگادارییە نهێنییە ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن خزمەتگوزارییەکانی منداڵان و گەنجان CYP زانیارییەکان دەربارەی تۆ بەکاردەهێنێت کاتێك پەیوەندیمان پێوە دەکەیت یان خزمەتگوزارییەکانمان بەکاردەهێنیت، و چۆن نهێنی تۆ دەپارێزین.

ئەنجومەنی پارێزگای سەفۆك کۆنترۆڵکەری ئەو زانیارییە کەسییەیە کە پرۆسێس دەکرێن. ئەگەر هەر پرسیارێکت هەیە سەبارەت بەوەی کە چۆن خزمەتگوزارییەکانی منداڵان و گەنجان CYP زانیارییە کەسییەکانت کۆدەکاتەوە یان بەکاری دەهێنن، دەتوانیت پەیوەندی بە خزمەتگوزارییەکە بکەیت بە:

**cyp.dataprotection@suGolk.gov.uk**

وردەکاری پەیوەندیکردن بۆ ئەفسەری پاراستنی زانیارییەکان و بەڕێوەبەری پابەندبوون لە ئەنجومەنەکە دەتوانرێت لە ئاگاداری نهێنی کۆمپانیاکەدا بدۆزرێتەوە, کە لە ماڵپەڕی ئەنجومەنەکەدا بەردەستە.

## 2. ئایا داتای کەسی چی‌یە؟

زانیاری کەسی زانیاری دەربارەی تۆ لەخۆدەگرێت، کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ ناسینەوەی تۆ وەك تاکێك. نموونە لەوانە:

- ناوت
- بەرواری لە دایکبوونت
- زانیاری پەیوەندیکردنت
- وێنەی خۆت

داتاکانی پۆلی تایبەت هەستیارترین جۆری داتای کەسییە و بریتین لە:

- زانیاری دەربارەی تەندروستی خۆت یان هەر خزمەتگوزارییەکی چاودێری سۆشیاڵ کە لەوانەیە بەکاری بهێنیت
- ئەو زانیاریانەی کە دەتوانن بنەچەی ڕەگەزی یان نەتەوەیی تۆ دەستنیشان بکەن ئەو زانیاریانەی کە دەتوانن بیروباوەڕی سیاسی تۆ دەستنیشان بکەن

- ئەو زانیاریانەی کە دەتوانن بیروباوەڕی ئایینی یان فەلسەفی تۆ دەستنیشان بکەن ئەو زانیاریانەی کە دەتوانن ئەندامێتی سەندیکای کرێکاریت دەستنیشان بکەن زانیاری بۆماەیی Genetic data
- زانیاری بایۆمەتری (لەو شوێنانەی کە بۆ ناسینەوەی تۆ بەکاردەهێنرێن، بۆ نموونە بەکارهێنانی پەنجەمۆر بۆ دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە ئۆنلاینەکان) زانیاری دەربارەی ژیانی سێکسی تۆ، یان ئاراستەی سێکسیت

## 3. جۆرەکانی ئەو زانیارییە کەسییانەی کە ئێمە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین و لە کوێوە سەرچاوە دەگرن

بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری پێشکەش بکەین، ئێمە ئەم زانیارییە کەسییانەی خوارەوە لە تۆ کۆدەکەینەوە:

- ناو
- وردەکاری پەیوەندیکردن لەوانەش ناونیشانی ئیمەیڵ و ژمارەی تەلەفۆن
- بەرواری لە دایکبوونت
- هەر زانیارییەکی کەسی تر کە تۆ پێشکەشی دەکەیت کە پەیوەندی بە پەیوەندییەکەتەوە هەبێت

هەندێك جار پێویستە ئەم زانیاریانەی خوارەوە لە سەرچاوەی ترەوە کۆبکەینەوە لەوانە:

تۆمارە تەندروستییەکانت

زانیاری دەربارەی شایستەیی تۆ بۆ کارکردن لەگەڵ گروپە لاوازەکانی خەڵك (وەك پشکنینی DBS و پشکنینی کۆمپیوتەری نیشتمانی پۆلیس (PNC) لەگەڵ بەرپرسی دیاریکراوی دەسەڵاتی خۆجێی (LADO) )

زانیاری پەیوەست بە پەروەردە و خوێندن

گروپی نەتەوەیی، بارودۆخی ماڵەوە، زمان، و زانیاری تەندروستی

ئەنجامی هەڵسەنگاندنی مەنهەجی خوێندنی نیشتمانی

زانیاری ئامادەبوون لە قوتابخانە/ دوورخستنەوە لە قوتابخانە

وردەکاری هەر پێداویستیەکی خێندنی تایبەت بۆ گەنجان

زانیاری پزیشکی پەیوەندیدار بۆ گەنجان/ دایك و باوك/ چاودێران – تەنها لەو شوێنانەی کە گونجاوە بۆ نموونە. پێویستیەکانی خوێندنی تایبەت یان کەمئەندامی

تەندروستی جەستەیی یان دەروونی

هەر زانیارییەکی کەسی زیادە کە پێویستە بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری دروستت پێبدات لە هەندێك بارودۆخدا ئەمە ڕەنگە پێویست بکات زانیاری لەسەر کەسە گەورەکان لە ناو خێزانەکەدا هەڵبگرین
لەوانەیە ئێمە لە هەندێك بارودۆخدا، هەروەها بزانین کە چ خزمەتگوزارییەکی پێشوو پێشکەش بە تۆ و خێزانەکەت کراوە

## 4. بۆچی ئێمە مامەڵە لەگەڵ زانیارییە کەسییەکانی تۆ دەکەین؟

خزمەتگوزارییەکانی منداڵان و گەنجان (لیستی ناگشتگیری) ئەم خزمەتگوزاریانەی خوارەوە پێشکەش دەکەن:

**سالانی سەرەتایی Early Years و چاودێری منداڵان Childcare**

سەرکردایەتیکردن، بەڕێوەبردن و پەرەپێدانی خزمەتگوزارییەکانی ساڵانی سەرەتایی و چاودێری منداڵان

پلاندانان، پێداچوونەوە و ڕێکخستنی شوێنەکانی ساڵانی سەرەتایی، شوێنەکانی چاودێری منداڵان، و شوێنەکانی قوتابخانە

دیاریکردنی ئەو منداڵانەی کە شایستەی خوێندنی ساڵانی سەرەتایین کە پارەیان بۆ دابین دەکرێت، و ئاگادارکردنەوەی دایك و باوکان لە مافی خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی چاودێری منداڵان کە پارەیان بۆ دابین دەکرێت و پێدانی پارەی پەروەردەی پێشوەختە بۆ

هەموو دابینکەرانی چاودێری منداڵان

**خوێندن و لێهاتوویی و فێربوون**

دابینکردنی خوێندن لەناو قوتابخانەکان

خزمەتگوزارییەکان بۆ قوتابخانەکان بۆ پێشخستنی ستاندارده بەرزەکان – لەوانەش ڕاهێنان، ئامۆژگاری، چاودێریکردن و پشتگیری پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی پشتیوانی خوێندن

دابینکردنی خوێندن بۆ منداڵانی ژێر چاودێری

پێدانی زانیاری بە قوتابخانەکان سەبارەت بە مۆڵەت (وەك مۆڵەتی ئەنجامدان) وەرگرتن لە قوتابخانە

هاتوچۆ بۆ قوتابخانە

شایستەیی ژەمەکانی خواردنی قوتابخانە بەخۆڕایی

دابینکردنی پیشە و خوێندنی دوای 16 ساڵی هەلی کارامەیی دوای تەمەنی 16 ساڵی

**خزمەتگوزاری گشتگیری**

دابینکردنی پسپۆڕی پێویستیەکانی خوێندنی تایبەتمەند و کەمئەندامی بۆ منداڵان و گەنجان. گەیاندنی ئەرکە یاساییەکان بۆ هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانی خوێندن و تەندروستی و چاودێری EHC، پێداچوونەوەی ساڵانە و پلانەکانی خوێندن و تەندروستی

و چاودێری EHCچاودێری کردنی ستراتیژی لەگەڵ هاوبەشەکان لە ناوچەکەی خۆیان لەوانەش بەرهەمهێنانی هاوبەش.

دڵنیایی لە کوالیتی دابینکەران و پرۆسەکانی ناوخۆیی.

خزمەتگوزاری پسپۆڕ بۆ منداڵان و خێزانەکان کە لەوانەیە لاواز بن یان ئاستی پێویستی بەرزتریان هەبێت. ئەمەش پێویستییەکانی خوێندنی تایبەت و/یان کەمئەندامیەکان و ئەوانەی کە پێویستی پزیشکییان هەیە دەگرێتەوە.

ڕاسپاردن و بەڕێوەبردنی گرێبەستی دابینکردنی پسپۆڕ بۆ منداڵان لە شاری سەفۆك. وەرگرتن واتا داخڵکردن بۆ پزیشکی پسپۆڕ و دابینکردنی بەدیل.

بەڕێوەبردنی ئۆفەری پشوویەکی کورت Short Break Offer.

پشتگیری بۆ منداڵان و گەنجان CYP بۆ خۆشگوزەرانی سۆزداری، و ڕەفتار و فێربوون لە سەرانسەری سەفۆك.

**خزمەتگوزارییەکانی چاودێری سۆشیاڵ**

پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی چاودێری سۆشیاڵ بۆ منداڵان و گەنجانی لاواز، و خێزانەکانیان خزمەتگوزاری بەخێوکردن و هەڵگرتنەوەی منداڵ adoption

خزمەتگوزارییەکانی پاراستن

خزمەتگوزاری پسپۆڕ بۆ منداڵان و خێزانەکان کە لەوانەیە لاواز بن یان ئاستی پێویستی بەرزتریان هەبێت. ئەمەش پێویستییەکانی خوێندنی تایبەت و/یان کەمئەندامیەکان، ئەو گەنجانە دەگرێتەوە کە تووڕە بوون، یان مەترسی تووڕەبوونیان لەسەرە، یان بەشداربوون لە ڕەفتاری دژە کۆمەڵایەتی

خزمەتگوزارییەکان بۆ ئەو گەنجانەی کە لە مەترسیدان لە باندەکان، چالاکییەکانی هێڵەکانی هەرێمی County Lines یان ڕادیکاڵکردن ئەو خزمەتگوزارییانەی کە پشتگیری لە منداڵانی ژێر چاودێری و بەجێهێڵەرانی چاودێری دەکەن

دابینکردنی چاودێری نیشتەجێبوون

**خزمەتگوزاری بەرزکراوە و خۆپارێزی**

خزمەتگوزاریەکانی جیهانی Universal services

خزمەتگوزارییەکانی یارمەتی پێشوەختە، لەوانەش خزمەتگوزاری کریس CHRIS و پەرستاری کۆمەڵایەتی بۆ خزمەتگوزارییەکانی کارمەندانی سەرەکی Key Worker

پشتگیری خێزان

پشتگیری و هاوکاری کردنی ئامادەبوون بۆ ئەو گەنجانەی کە لە مەترسیدان، یان لە خوێندن، وکارکردن یان ڕاهێناندا نین (NEET)

**زانیاری بەڕێوەبردن**

پلاندانان و ئەدای کارکردنی منداڵان و گەنجان CYP

بەڕێوەبردنی سیستەمی زانیاری تەواو یەکگرتوو کە پشتگیری لە منداڵان و گەنجان CYP دەکات

کۆکردنەوە، مامەڵە لەگەڵ کردن و بەڕێوەبردنی زانیاری یاسایی – لەوانەش گەڕانەوەی سەرژمێری و هەڵسەنگاندنی کۆتایی قۆناغی سەرەکی چاودێریکردنی خزمەتگوزارییەکانی پێشکەشکراو لەلایەن منداڵان و گەنجان CYP، لەوانەش SENDIASS و

پاراستن Safeguarding

کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تر بۆ پشتگیریکردنی تەندروستی و خۆشگوزەرانی منداڵان و گەنجان، لەوانەش ڕاسپاردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ ئەوەی بتوانین ئەم کارە بکەین

ئێمە زانیاری دەربارەی گەنجان و خێزانەکان کۆدەکەینەوە و بەکاری دەهێنین بۆ ئەوەی منداڵان و گەنجان CYP بتوانن ئەو خزمەتگوزارییانەی سەرەوە پێشکەش بکەن و دڵنیا بین لەوەی کە ئێمە ئەرکە تایبەتەکان ئەنجام دەدەین کە ئێمە بەرپرسیارین لێیان. ئەم ئەرکانە بریتین لە:

- پێشکەشکردنی پشتیوانی و چاودێری گونجاو بۆ گەنجان و خێزانەکان
- کۆکردنەوەی ئامارەکان کە بڕیارەکانی وەك بودجە ئاگادار دەکەنەوە
- پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان
- وەرگرتن واتا قبوڵکردن لە قوتابخانەکان
- دەرکردن واتا دوورخستنەوە لە قوتابخانەکان
- هەڵسەنگاندنی ئەدای کارکردن و دانانی ئامانج بۆ قوتابخانە پارێزراوەکان
- وردبینی کردن کە خزمەتگوزارییەکانمان تا چەند بە باشی پێداویستییەکانی گەنجان و خێزانەکان دابین دەکەن
- هەڵسەنگاندنی ئاستی بودجەی پێویست، وەك ژەمەکانی خواردنی قوتابخانە بەخۆڕایی
- پارە تەرخانکردن بۆ قۆناغی ساڵانی سەرەتایی
- پێشخستنی خۆشگوزەرانی، پاراستن، تەندروستی و خۆشگوزەرانی بۆ گەنجان
- هەڵسەنگاندن بۆ ئەوە دەکرێت کە خزمەتگوزارییەکانی منداڵان چەندە باش کاردەکەن

- هەڵسەنگاندن و باشترکردنی پلانی دارایی و خزمەتگوزاری تاکەکەسی
- چاودێریکردنی نەتەوە و کەمئەندامی
- گەیاندنی خزمەتگوزاری و پشتگیری بۆ تۆ
- بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییەکانمان
- ڕاهێنانی کرێکاران
- لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکان سەبارەت بە خزمەتگوزارییەکانمان
- چاودێریکردن و پاراستنی خەرجییە گشتیەکان
- یارمەتیدانمان بۆ باشترکردن و پلاندانان بۆ خزمەتگوزارییە نوێیەکان
- پابەندبوون بەو یاسایانەی کە داوامان لێدەکات زانیاری کەسی بدەین بە ڕێکخراوەکانی تر، وەك ڕێکخراوە تەندروستییەکان، فەرمانگەکانی حکومەت و دادگاکان

## 5. بنەمای یاسایی ئێمە بۆ مامەڵە لەگەڵ کردنی زانیارییەکانت

**زانیاری کەسی**

بەپێی یاسای پاراستنی زانیارییەکان، خزمەتگوزارییەکانی منداڵان و گەنجان (CYP) تەنیا دەتوانن مامەڵە لەگەڵ زانیارییە کەسییەکانی تۆ بکەن ئەگەر یاسایی بێت. تکایە وردەکارییەکانی خوارەوەی ئەو بنەما یاساییانە ببینە کە ئێمە پشتیان پێدەبەستین بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ جۆرە جیاوازەکانی زانیاری کەسی.

بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ زانیارییە کەسییەکان، ئێمە پشت بەم بنەما یاساییانە دەبەستین:

ڕێسای پاراستنی داتای گشتی بەریتانیا UK GDPR مادەی 6(1)( (e– لەو شوێنانەی کە مامەڵە لەگەڵ کردن پێویستە بۆ ئەوەی ئێمە ئەرکێك ئەنجام بدەین کە لە بەرژەوەندی گشتیدایە (ئەرکی گشتی)

**داتاکانی پۆلی تایبەت**

کاتێك ئێمە مامەڵە لەگەڵ داتای پۆلە تایبەتەکان دەکەین، پشت بەم بنەما یاساییە زیادانە دەبەستین: (هەموو ئەوانەی کاریان پێناکرێت بسڕەوە)

ڕێسای پاراستنی داتای گشتی بەریتانیا UK GDPR مادەی 9(2)( (b– کە مامەڵە لەگەڵ کردن پێویستە بۆ منداڵان و گەنجان CYP بۆ ئەنجامدانی ئەرکە تایبەتەکان یان بەکارهێنانی مافەکانی پەیوەست بە دامەزراندن، ئاسایشی کۆمەڵایەتی، و پاراستنی کۆمەڵایەتی (خشتەی 1، بەشی 1، بەشی 1، یاسای پاراستنی داتا DPA 2018)
ڕێسای پاراستنی داتای گشتی بەریتانیا UK GDPR مادەی 9(2)( (f– کە مامەڵە لەگەڵ کردن پێویستە بۆ دامەزراندنی، ئەنجامدان یان بەرگریکردن لە داواکارییە یاساییەکان
ڕێسای پاراستنی داتای گشتی بەریتانیا UK GDPR مادەی 9(2)( (g– کە مامەڵە لەگەڵ کردن پێویستە بە هۆکاری بەرژەوەندی گشتی جەوهەری، بە تایبەتی:

- بۆ مەبەستی یاسایی و حکومی (خشتەی یەکەم، بەشی دووەم، بەشی 6، یاسای پاراستنی داتا DPA 2018)
- بۆ چاودێریکردنی دەرفەتە یەکسانەکان و مامەڵەکردن (خشتەی 1، بەشی 2، بەشی 8، یاسای پاراستنی داتا (DPA 2018– تێبینی بکە ئەمە تەنها لەو شوێنانەدا کارا دەبێت کە پۆلی داتای تایبەتی دیاریکراو بن. داتاکان (تەندروستی، ئاراستەی سێکسی، و بیروباوەڕی ئایینی یان فەلسەفی) مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت بۆ ئەوەی یەکسانی دەرفەت یان مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمەڵێك کەس لە پەیوەندی لەگەڵ پۆلی داتاکاندا بتوانرێت
- بۆ ڕێگریکردن یان دیاریکردنی کردەوە نایاساییەکان (خشتەی یەکەم، بەشی دووەم، بەشی 11، DPA 2018)
- بۆ پاراستنی خەڵک لە ناپاکی (خشتەی یەکەم، بەشی دووەم، بەشی 11، یاسای پاراستنی داتا DPA 2018) بۆ ڕێگریکردن لە ساختەکاری (خشتەی یەکەم، بەشی دووەم، بەشی 14، DPA 2018)

- بۆ پاراستنی منداڵان و کەسانی مەترسیدار (خشتەی یەکەم، بەشی دووەم، بەشی 18، یاسای پاراستنی داتا DPA 2018)

ڕێسای پاراستنی داتای گشتی بەریتانیا UK GDPR مادەی 9(2)( (h– لەو شوێنانەی کە مامەڵە لەگەڵ کردن پێویستە بۆ دابینکردنی مەبەستی چاودێری تەندروستی و/یان کۆمەڵایەتی (خشتەی 1، بەشی 1، بەشی 2، یاسای پاراستنی داتا DPA 2018)
ڕێسای پاراستنی داتای گشتی بەریتانیا UK GDPR مادەی 9(2)( (j– لەو شوێنانەی کە مامەڵە لەگەڵ کردن پێویستە بۆ ئەرشیفکردن، لێکۆڵینەوە یان مەبەستی ئاماری کە لە بەرژەوەندی گشتیدایە (خشتەی 1، بەشی 1، بەشی 4، یاسای پاراستنی داتا DPA 2018)

**داتاکانی بوونی تاوانکاری – مامەڵە لەگەڵ کردنی گشتی**

هەروەها خزمەتگوزاری منداڵان و گەنجان CYP مامەڵە لەگەڵ داتاکانی تاوانە تاوانکارییەکان دەکات کە لەوانەیە بریتی بن لە:

زانیاری دەربارەی هەر تۆمارێکی تاوانکاری یان مێژوویەکی تاوانکاری تۆمەتەکانی ڕەفتاری تاوانکاری، لەوانەش تۆمەتە نەسەلمێنراوەکان

نەبوونی سزا، بۆ نموونە ئەنجامی پشکنینی تۆماری تاوان DBS، یان پشکنینی کۆمپیوتەری نیشتمانی پۆلیس زانیاری کەسی قوربانییەکان و/یان شایەتحاڵەکان

زانیاری کەسی سەبارەت بە سزای تاوانکاری کە لەوانەیە درابێت

جگە لەو بنەما یاساییانەی کە ئێمە لە ژێر "زانیاری کەسی" لە سەرەوە دەستنیشانمان کردووە، ئێمە داتای تاوانە تاوانکارییەکان بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوەی خشتەی 1ی یاسای پاراستنی داتا DPA 2018 مامەڵەی لەگەڵ دەکەین:

- لەو شوێنانەی کە پرۆسێسکردن پێویستە بۆ ئەنجامدانی ئەرکە تایبەتەکان یان بەکارهێنانی مافەکانی پەیوەست بە دامەزراندن، ئاسایشی کۆمەڵایەتی، و پاراستنی کۆمەڵایەتی (خشتەی یەکەم، بەشی یەکەم، بەشی یەکەم، DPA 2018)
- لەو شوێنانەی کە مامەڵە لەگەڵ کردن پێویستە بۆ دابینکردنی مەبەستی چاودێری تەندروستی و/یان کۆمەڵایەتی (خشتەی 1، بەشی 1، بەشی 2، یاسای پاراستنی داتا DPA 2018)
- لەو شوێنانەی کە مامەڵە لەگەڵ کردن پێویستە بۆ مەبەستی ئەرشیفکردن، لێکۆڵینەوە یان ئاماری کە لە بەرژەوەندی گشتیدایە (خشتەی 1، بەشی 1، بەشی 4، یاسای پاراستنی داتا DPA 2018) کە مامەڵە لەگەڵ کردن پێویستە بۆ مەبەستی یاسایی و حکومی (خشتەی 1، بەشی 2، بەشی 6، یاسای پاراستنی داتا DPA 2018)
- لەو شوێنانەی کە مامەڵە لەگەڵ کردن پێویستە بۆ پێداویستییە ڕێکخراوەییەکان کە پەیوەندییان بە کردەوەی نایاسایی و ناپاکیەوە هەیە (خشتەی یەکەم، بەشی 2، بەشی 12، یاسای پاراستنی داتا DPA 2018) لەو شوێنانەی کە مامەڵە لەگەڵ کردن پێویستە بۆ ڕێگریکردن لە ساختەکاری (خشتەی یەکەم، بەشی 2، بەشی 14، DPA یاسای پاراستنی داتا DPA 2018)
- لەو شوێنانەی کە مامەڵە لەگەڵ کردن پێویستە بۆ پێشکەشکردنی ڕاوێژکاری (خشتەی 1، بەشی 2، بەشی 17، یاسای پاراستنی داتا DPA 2018)
- لەو شوێنانەی کە مامەڵە لەگەڵ کردن پێویستە بۆ پاراستنی منداڵان و کەسانی مەترسیدار (خشتەی 1، بەشی 2، بەشی 18، یاسای پاراستنی داتا DPA 2018)
- لەو شوێنانەی کە مامەڵە لەگەڵ کردن پێویستە بۆ ئاشکراکردنی زانیاری بۆ نوێنەرانی هەڵبژێردراو (خشتەی یەکەم، بەشی 2، بەشی 24، یاسای پاراستنی داتا DPA 2018) - کە زانیاری لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەن لەسەر داواکارییەکەیان هاوبەش دەکرێت و لەو شوێنانەی کە ئەوان بەناوی پێکهێنەرێکەوە کاردەکەن
- لەو شوێنانەی کە مامەڵە لەگەڵ کردن پێویستە بۆ داواکارییە یاساییەکان (خشتەی 1، بەشی 3، بەشی 33، یاسای پاراستنی داتا DPA 2018)

**مەبەستی جێبەجێکردنی یاسا**

خزمەتگوزاری منداڵان و گەنجان CYP دەسەڵاتێکی کارامەیە بۆ مەبەستی بەشی 3ی یاسای پاراستنی داتا DPA 2018 و ئێمە مامەڵە لەگەڵ زانیارییە کەسییەکان دەکەین بۆ ئەوەی بتوانین ڕێگری لە چالاکییە تاوانکارییەکان بکەین، لێکۆڵینەوە بکەین و لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکەین، یان سزای تاوانکاری بەکاربهێنین

ئەمەش واتە دەتوانین مامەڵە لەگەڵ زانیارییە کەسییەکان بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی یاسا کاتێك بنەمایەك لە یاسادا هەیە بۆ مامەڵە لەگەڵ کردنی زانیارییە کەسییەکان و: کاتێك کە مامەڵە لەگەڵ کردن پێویستە بۆ ئەوەی بتوانین ئەرکێك ئەنجام بدەین کە بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی یاسا ئەنجام دەدرێت

جگە لەوانەی سەرەوە، ئێمە مامەڵە لەگەڵ کردنی هەستیار بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی یاسا ئەنجام دەدەین کاتێك:

- کاتێك کە مامەڵە لەگەڵ کردن بە توندی پێویستە و بە هیچ شێوەیەکی تر ناتوانرێت بەدەست بهێنرێت و ئەم مەرجانەی خوارەوەی خشتەی 8ی یاسای پاراستنی داتا DPA 2018 بەدی بهێنێت: (هەریەکێك کە کارپێنەکراوە بسڕەوە)

- لەو شوێنانەی کە مامەڵە لەگەڵ کردن پێویستە بۆ مەبەستی یاسایی (خشتەی 8، بەشی 1، یاسای پاراستنی داتا DPA 2018)
- لەو شوێنانەی کە مامەڵە لەگەڵ کردن پێویستە بۆ دامەزراندنی، ئەنجامدان یان بەرگریکردن لە داواکارییە یاساییەکان (خشتەی 8، بەشی 6، یاسای پاراستنی داتا DPA 2018) لەو شوێنانەی کە مامەڵە لەگەڵ کردن پێویستە بۆ ڕێگریکردن لە ساختەکاری (خشتەی 8، بەشی 8، یاسای پاراستنی داتا DPA 2018)
- لەو شوێنانەی کە مامەڵە لەگەڵ کردن پێویستە ئەرشیفکردن، لێکۆڵینەوە یان مەبەستی ئاماری (خشتەی 8، بەشی 9، یاسای پاراستنی داتا DPA 2018)

## 6. هاوبەشکردنی زانیارییەکانت □

خزمەتگوزارییەکانی منداڵان و گەنجان زانیاری لەگەڵ ئەم وەرگرانەی خوارەوەدا هاوبەش دەکەن لەو بارودۆخانەدا کە زانیاری لەلایەن ڕێکخراوەکانی ترەوە داوای دەکرێت بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییەکی دروستت پێشکەش بکەن:

وەزارەتی پەروەردە (DfE) لەسەر بنەمای یاسایی بەپێی ڕێساکانی پەروەردە 2013 دەزگا گشتیەکانی وەك خزمەتگوزاری NHS (بۆ نموونە پزیشکانی گشتی( GP، ڕێکخراوە تەندروستییەکان، پۆلیس

خزمەتگوزاری دادگا و دادگاکانی خاوەن شکۆ HM (HMCTS)

فەرمانگەکانی تری حکومەت وەکو هۆم ئۆفیس و بەبەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزارییەکانی کار و خانەنشینی کە ئێمە ڕاسپێردراوین (وەك خزمەتگوزاری تەندروستی، چاودێری، و پسپۆڕان)

دابینکەرانی پەروەردە و خوێندن (وەك قوتابخانەکان، ئەکادیمیاکان و قوتابخانە بێبەرامبەرەکان)

ئەو ڕێکخراوانەی کە هەوڵی ڕێگریکردن لە توندڕەوبوونی گەنجان دەدەن (وەك کەناڵ Channel، و پریڤێنت Prevent)

ئەو زانیاریانەی لە ڕێکخراوێکی لایەنی سێیەمەوە بەدەست هاتوون (وەك ڕێکخراوێکی خۆبەخشانە یان پۆلیس) بۆ مەبەستی پاراستن و خۆشگوزەرانی زانیاری لەو شوێنانەی کە مەترسی هەیە سەبارەت بەتاوانی بەکارهێنانی منداڵ بۆ کاری سێکسی (CSE)

ئەو ڕێکخراوانەی کە دەیانەوێت ڕێگری لە تاوان بکەن (وەك پۆلیس، و دەزگای نیشتمانی تاوان)

خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری و پشتیوانی دادگای منداڵان و خێزان کافکاس (CAFCASS)
زانیاری هاوبەشکراو لەگەڵ دابینکەرانی شوێنی نیشتەجێبوونی ڕاسپێردراو بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی کەسانی تەمەن 16+ ساڵ لە کاتی دانانی کەسێکی بەجێهێڵەری چاودێری لەگەڵیان زانیاری هاوبەشکراو لەگەڵ دابینکەرانی شوێنەکانی چاودێری نیشتەجێبوون لە کاتی دانانی منداڵان لە چاودێری

## 7. ئایا ئێمە بەنیازین زانیارییەکانی تۆ بگوازینەوە بۆ وڵاتێکی تر □

ئێمە هیچ زانیارییەکی کەسی ناگوازینەوە بۆ هیچ وڵاتێك یان ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا، EEA (ناوچەی ئابووری ئەوروپی)، یان هەر وڵاتێکی تر کە ئاستێکی هاوتای پاراستنی زانیارییەکانی نیە بۆ بەریتانیا.

## 8. تا کەی زانیاریەکانت دەهێڵینەوە؟ □

داتاکان تەنها بۆ کەمترین ماوەی هەڵگیران کە خزمەتگوزاری منداڵان و گەنجان CYP ئەنجامی دەدات پێویستە بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتییە یاساییەکانی. ئەم ماوانەی هێشتنەوە و هەڵگرتنی داتا بە یاسا دیاری کراون.

لە کۆتایی ماوەی هەڵگرتنی داتا، پێداچوونەوە بە داتاکان دەکرێت، کە دەبێتە هۆی یەکێك لەم دەرەنجامانەی خوارەوە:

- لەناوبردنی پارێزراو – داتاکان پێویست نەماون
- پێداچوونەوە/هێشتنەوە – داتاکان بۆ ماوەیەکی زیاتر پێویستە، و ئەم ماوەیە بە دۆکیومێنت کراوە
- ئەرشیف – ڕەنگە هەندێك یان هەموو داتاکان لەلایەن ئەرشیفی سەفۆك بۆ ئەرشیفکردن، لێکۆڵینەوە، یان مەبەستی مێژوویی هەڵبگیرێن

ماوەی هێشتنەوە و هەڵگرتن ستانداردە نیشتمانییەکان پەیڕەو دەکات، بەڵام هەندێك لە ماوەی هەڵگرتن لە ئاستی ناوخۆییدا هەموار کراوەتەوە بۆ ئەوەی ئەنجومەن بتوانێت پابەند بێت بە پابەندبوونەکانی بەپێی یاسا. وردەکاری زیاتر سەبارەت بە ماوەی هەڵگرتنی داتا دەتوانرێت لە ڕێگەی پەیوەندیکردن بەcyp.dataprotection@suGolk.gov.uk

## 9. بریاردانی ئۆتۆماتیکی و پرۆفایل کردن 

خزمەتگوزاری منداڵان و گەنجان CYP پرۆسەی بریاردانی ئۆتۆماتیکی یان پرۆفایل کردن سەبارەت بە زانیارییەکانی تۆ بەکارناهێنێت.

## 10. مافەکانت بەپێی یاسای پاراستنی داتا 

بەپێی یاسای پاراستنی داتا و زانیارییەکان، تۆ مافی ئەوەت هەیە داوای دەستگەیشتن بەو زانیاریانە بکەیت کە ئێمە لەبارەی تۆوە لەبەردەستماندایە. ئەگەر دەتەوێت داواکارییەك بکەیت بۆ دەستگەیشتن بە زانیارییە کەسییەکانت، تکایە پەیوەندی بکە data.protection@suGolk.gov.uk.

هەروەها تۆ مافی ترت هەیە سەبارەت بە زانیارییە کەسییەکانت.You can find out more information about these rights by looking at the council’s corporate privacy notice.

## 11. مافی تۆ بۆ ئامۆژگاری سەربەخۆ  

ئەگەر تۆ ئامۆژگاری سەربەخۆت دەتەوێت سەبارەت بەم ئاگادارییە نهێنییە یان بابەتەکانی تر سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵە لەگەڵ کردنی زانیارییە کەسییەکانت ئەنجومەنی پارێزگای سەفۆك، لەوانەش چۆنیەتی سکاڵاکردن، دەتوانیت پەیوەندی بە ئۆفیسی کۆمیساری زانیاریەوە بکەیت بەم ناونیشانە :

**WycliGe House, Water Lane, Wilmslow, Cheshire, SK9 5AF**

تەلەفۆن: **0303 123 1113**

ئیمەیل: casework@ico.org.uk